# شیكردنەوەی جوگرافي بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شارۆچكەی دارەتوو بە بەكارهێنانی سیستەمە زانیارییە جوگرافییەكان (GIS)

**هۆشمەند جوهر عباس**
بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** hoshmand.abbas@su.edu.krd

**سەنگەر احمد حسێن**
بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Sanger.hussein@su.edu.krd

**فاطمة قادر مصطفی**
بەشی جوگرافیا، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەرین، رانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** fatma.qadr@uor.edu.krd

**پوختە:**

خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەكان یەكێكن لەو خزمەتگوزاریە گرنگانەی كە شار پێشكەشی دانیشتوانەكەی دەكات، و گرنگیەكەی كەمتر نییە لە چالاكییە خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكانی دیكەی شار، ئەركی دابینكردنی حەوانەوە و پشوودان و ئارامكردنەوەی باری دەروونی مرۆڤە، كە پێویستە بە برو جۆری پێویست بۆ دانیشتوان دابین بكرێت. بە تایبەتیش لە ئێستادا كە پاڵەپەستۆ و جەنجاڵیكی زۆر لەسەر شارەكان دروست بووە، ئەمەش كاریگەری نەرێنی لەسەر هێز و توانا و باری دەروونی مرۆڤ دەبێت.

ئامانجی لێكۆڵینەوەكە، بریتییە لە توێژكردنی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان بە مەبەستی دیاریكردنی شێوازی دابەشبوونیان و دەرخستنی ئاستی توانستەكانیان بەرامبەر بە دانیشتوانی ناوچەكە. بۆ گەیشتن بە ئامانج، لێكۆڵینەوەكەمان دابەش كردووە بەسەر سێ بەشی سەرەكییدا، بەجۆرێك بەشی یەكەم تایبەتە بە ناساندنی ناوچەی لێكۆڵینەوە و بابەتی لێكۆڵینەوە، لە بەشی دووەمدا دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان بەسەر ناوچەی لێكۆڵینەوە خراوەتە ڕوو، هەروەها سروشت و تایبەتمەندییە شوێنیەكان و شێوازی بڵاوبوونەوەیان ڕوونكراوەتەوە، بەشی سێیەمیش تایبەتە بە پێوانەكردنی توانستە وەزیفییەكانی خزمەتگوزارییەكان. لە كۆتاییشدا لێكۆلینەوەكە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە دیارترنیان بریتییە لەوەی كە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خزمەتگوارییە خۆشگوزەرانییەکان بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ و هەڕەمەکی دابەش بوون بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا، ئەمەش کاردانەوەی دەبێت لەسەر توانستە وەزیفییەکەیان.

**کلیلە وشەکان:** خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، کاتی بەتاڵ، ئاسوودەیی دەروونی، ناوەندی شوێن، پێوەری دابەشبوونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی.

## پێشەکی:

خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنن و چالاکیەکی سەرەکێشە لە چالاکییەکانی شار، بەجۆرێک گرنگیەکەی کەمتر نییە لە چالاکی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی شار، بەتایبەتیش لەم سەردەمەی ئێستادا کە شارەکان بەگشتی و شارە گەورەکان بەتایبەتی گەشەیەکی خێرایی دانیشتوانیان بەخۆوە بینیوە و بووەتە هۆی زیادبوونی لە ڕادەبەدەری ژمارەی دانیشتوانەکەیان، ئەمەش فراوانبوونی ڕووبەری شارو گەشەکردنی خزمەتگوزاری و چالاکیەکانی دیکەی لێدەکەوێتەوە و بەو هۆیەشەوە پاڵەپەستۆ و جەنجاڵیەکی زۆر لەسەر شارەکان دروست دەبێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر هێز و توانا و باری دەروونی مرۆڤ دەبێت. بۆیە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان وەکو وەزیفەیەکی شار ئەرکەکەی لێرەوە دەردەکەوێت کە دابینکردنی حەوانەوە و پشودان و ئارامکردنەوەی باری دەروونی مرۆڤە، کە پێویستە بە بڕ و جۆری پێویست بۆ دانیشتوان دابین بکرێت.

شارۆچکەی دارەتوو، وەکو بەشێکی دانەبڕاوی سەنتەرە شارستانیەکان کە ناوچەی توێژینەوەکەمانە پێویستی بە دابینکردنی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە هەیە چونکە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان و چالاکییەکانی دانیشتوانی تیادا کۆ بووەتەوە، بۆیە پێویستی بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە هەیە بۆ زانینی چەندیەتی و چۆنیەتی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان کە لەم شارەدا کۆبووەتەوە بە مەبەستی زانینی توانای ئەم دامەزراوانە لە پێشکەشکردنی خزمەت بە دانیشتوانەکەیان.

## گرنگی لێکۆڵینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوە بریتییە: لەوەی کەرتی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی رۆڵێکی سەرەکی لە پێشکەشکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتواندا هەیە. هەروەها ڕۆڵیان لە ڕاکێشکردنی زۆرێک لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، و وەنەبوونی توێژینەوەی تایبەت بە خزمەتگوزرییە خۆشگوزەرانییەکان، و شیکرنەوەی ئەو جیاوازییەی کە لە دابەشبوونی توانستە خزمەتگوزارییەکاندا هەیە تاوتوێ دەکات، ئەمە جگە لەوەی دەکرێت ببێتە هۆی بەشدارپێکردنی ئەم توێژینەوەیە لە بونیاتنانی توێژینەوەیەکی جێبەجیکاری، بۆ بەشداریکردن لە پلاندانانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بۆ داهاتووی ئەم شارە.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**

## کێشەی لێکۆڵینەوە:

خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان بەشێوەیەکی نارێک دابەشبوون بەسەر گەرەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها ناگونجێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی، ئەمە جگە لەوەی توانست ودابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوەرانییەکانی ناوچەکە لەگەل پێوەرەکانی پلاندانانی خۆشگوزەرانی جیهانی و نێوخۆیی گونجاو نییە.

## گریمانەی لێکۆڵینەوە:

١- نارێکی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەسەر ڕووبەر گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، و نە بوونی پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە و قەبارەی دانیشتوان بە پێی پێوەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

٢- خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەگەڵ ئەو زیادە زۆرەی ژمارەی دانیشتوان ناگونجێت.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

بریتییە: لە شیکردنەوەی شوێنجێیەتی چۆنیەتی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاییە خۆشگوزەرانییەکان، بەمەبەستی دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونیان و دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرامبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوە زانستییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستیان بە میتۆدێک یان چەند میتۆدێک هەیە، توێژەرانیش لەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان، پشتیان بە میتۆدی ئیستقرائی بەستووە، لە هەمان کاتدا میتۆدی شیکاری و شیکاری ئاماریش بەکار هاتووە، بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەیی شوێنجێیەتی دابەشبوون و توانستەکانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی هەندێک ئاماژە و پێوانەی پلاندانان تایبەت بە خزمەتگوزاری ناوبراو.

## پلانی لێکۆڵینەوە:

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج، لێکۆڵینەوەکەمان دابەش کردووە بەسەر سێ بەشی سەرەکییدا، بەجۆرێک بەشی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و بابەتی لێکۆڵینەوە، لە بەشی دووەمدا دابەشبوونی خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانییەکان بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە خراوەتە ڕوو، هەروەها سروشت و تایبەتمەندییە شوێنیەکان و شێوازی بڵاوبوونەوەیان ڕوونکراوەتەوە، بەشی سێیەمیش تایبەتە بە پێوانەکردنی توانستە وەزیفییەکانی ئەو خزمەتگوزارییانە.

## ١ - ناساندنی ناوچە و بابەتی لێکۆڵینەوە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

شاروچکەی دارەتوو، یەکێکە لە ناوەندی ناحیەکانی پارێزگای هەولێر دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر، شوێنێکی ستراتیژی هەیە وەک ئاڵقەیەکی بە یەکبەستنەوەی ناحیەی قوشتەپە و بنەسڵاوە، ژمارەیەکی زۆر لە یەکە کارگێڕیی و لادێیەکانی پارێزگا ناوبراو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، نەخشەی(١).


لە ڕووی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی) یەوە شاروچکەی دارەتوو دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٥:٤٣ ٤– ٣٠ : ١٢ ٣٦:) باکور، و هەردوو هێڵی درێژی (٤٣:٥١:١٠– ٤٥:٣١:٥٠) ڕۆژهەڵاتی گۆیی زەوی.

لە ڕووی جوگرافییەوە شارۆچکەی دارەتوو دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوایی پارێزگا وناوەندی قەزای دەشتی هەولێر، لە باکور هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی بنەسڵاوە، لەباشوور هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی قوشتەپە،هەروەها ئەم شارۆچکەیە لە بەشی ڕۆژئاوایدا هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی شەمامک، لەبەشی ڕۆژهەڵاتدا هاوسنوورە لەگەڵ بانی شەرەبۆت.

لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزای دەشتی هەولێر چوار یەکەی کارگێڕی لە خۆدەگرێت ئەوانیش ناحیەکانی {بنەسڵاوە (ناحیەی سەنتەر) و کەسنەزان، قوشتەپە، دارەتوو}. ڕووبەری گشتی قەزای دەشتی هەولێر (١٣٠٧کم٢) خشتەی(١)، ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی دارەتوو (٦٧٩٣٣) کەسە لەساڵی ٢٠٢٠. (دەستەی ئاماری هەرێم).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**نەخشەی (١) ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە بەگوێرەی قەزای دەشتی هەولێر.**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.6 .

خشتەی(١)

**ڕووبەری یەکە کارگێرییەکانی قەزای دەشتی هەولێر (کم٢)،وڕێژەکانیان،٢٠٢٠**

| ز | یەکەی کارگێری | ڕووبەر | ٪ | ز | یەکەی کارگێری | ڕووبەر | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بنەسڵاوە | ٤٣ | ٣,٢٨ | ٣ | قوشتەپە | ٧٩٩ | ٦١,١٣ |
| ٢ | کەسنەزان | ٢٦٢ | ٢٠,٠٤ | ٤ | دارەتوو | ٢٠٣ | ١٥,٥٣ |
| **ڕووبەری گشتی قەزاکە** | | | | | | ١٣٠٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.6.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ١-١- ناساندنی زاراوەكان:

ناساندنی زاراوەكان بابەتێكی گرنگە لە توێژینەوەكاندا و بەتایبەت لە تویژینەوە جوگرافیەكان، چونكە توێژەر ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێت بۆ توێژینەوەی بابەتەكە، بە پێی ناساندنی زاراوەو بابەتەكان، لە لایەكی تریش مەبەست و ئامانجی توێژەر ڕوون و ئاشكرا دەبێت بۆ خوێنەر، كە مەبەستی لەو بابەتە یان زاراوە یا ئاڕاستەی توێژینەوەكە چۆنە، لێرەدا چەند ناساندنێك بۆ هەریەكە لە زاراوەكانی بەكارهاتوو دەخەینە ڕوو:

- خزمەتگوزاری: خزمەتگوزارییەكان ئامرازێكی گرنگن كە ڕادەی بەرەوپێشچوونی كۆمەڵگاو ئاستی ژیانی دانیشتوان دەردەخەن، لەڕێگەی جۆرو بڕی خزمەتگوزارییەكانەوە دەتوانرێت ئاستی گەشەپێدانی هەر كۆمەڵگایەك دەستنیشان بكرێت، هەروەها دەكرێت بەراووردی پێبكرێت لەگەڵ كۆمەڵگاكانی تردا بۆ دیاریكردنی پلەكەی لەنێو كۆمەڵگاكانی تردا (الحديثي،١٩٨٢، ص٢١).
- خۆشگوزەرانی: خۆشگوزەرانی وەك چەمكێكی تر واتاو تێگەیشتنی جۆراوجۆری خۆی هەیە، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو جیاوازیەی لە ڕووی ئابووری و كۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری ڕادەی گۆڕانكاری و پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و شارستانی لەنێوان كۆمەڵگاكانی هەیە، چەمكی خۆشگوزەرانی (recreation) پێكهاتووە لە (re) دووبارە، (creation) بەمانای دروستكردن یان گێرانەوە دێت، لەم ڕوانگایە پێناسەی جۆربەجۆر بۆ خۆشگوزەرانی هاتووەتە كایەوە (الدليمي،٢٠٠٩،ص١٩٣)، پسپۆرانی سەرپەرشتی لاوان لە ولاتانی عەرەبی ئەوەیان ناساندووە كە خۆشگوزەرانی چالاكییەكی ئاساییە و مەبەست خودی مرۆڤە، نەك دەستكەوتنی ماددی، چونكە بۆ بوژاندنەوەی تاك لە ڕووی وەرزشی و كۆمەلایەتی و دەروونییەوە لە كاتە پشووەكاندا ئەنجام دەدرێت (الهيتي،٢٠١٣، ص١٨)، هەروەها دیڤد گرایت دەڵێت: خۆشگوزەرانی كارێكی گەش بینانەی دەروونی و جوانی و گیانیە (عمر، ٢٠٠٩،ل٣٣٧)، بۆیە دەتوانین بڵێن ئەو جۆرە كردارەیە كە دانیشتوان پەنای بۆ دەبەن بەمەبەستی كات بەسەربردن و چێژ وەرگرتن لە كاتە بەتاڵەكان، هەروەها بە ئامرازێكی سوود بەخش دادەنرێت بۆ هەستكردن بەئارامبوونەوەی دەروونی، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵێكی گرنكی لە پەرەپێدانی هۆشیاریی تاكدا هەیە.
- جوگرافیای خۆشگوزەرانی: بریتیە لە كۆمەڵە چالاكی و جموجۆڵێك كە دەبێتە هۆی تێركردنی ئارەزووەكانی مرۆڤ و ئاسوودە بوونی دەروون و هزری بە جۆرێك لە گەڵ تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیریدا گونجاو بێت. (الظالمي،٢٠١٨، ص١٩)
- خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی: بریتییە لەو خزمەتگوزاریانەی كە پێشكەشی كۆمەڵگای شار و هەرێمەكان دەكرێت بەمەبەستی چێژ وەرگرتن و ئارامی دەروونی و جەستەیی و عەقڵی و بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ بۆ گشت ئاست و تەمەنێك لەكاتی دەست بەتاڵیدا، ئەو خزمەتگوزارییانش بریتیین لە: باخچە گشتییەكان و سەیرانگاكان و شارەكانی یاری و سەنتەرەكانی چاودێری گەنجان و مەلەوانگەو شانۆ و سینەما و پێشانگا و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

مۆزەخانە و شوێنە ئاینیەکان و گشت چالاکییە وەرزشی و خزمەتگوزارییەکانی قاوەخانە و ئینتەرنێت (الجميلي،٢٠٠٧، ص ٢١).

یاخود دەتوانین بڵێین خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیی: بریتییە لە کۆمەڵە چالاکی و جموجۆڵێک کە دەبێتە هۆی تێرکردنی ئارەزووەکانی مرۆڤ و ئاسودە بوونی دەروونی و هزری بەجۆرێک لەگەڵ تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیریدا گونجاو بێت.

## ١-٢- گرنگی خزمەتگوزارییە خۆشگوزارییەکان:

خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان یەکێکن لە گرینگترین ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستە لە شارەکاندا بوونیان هەبێت، چونکە لەو کارو چالاکیانەن کە شارەکان هەوڵی دابینکردنی دەدەن بەمەبەستی تێرکردنی حەزو ویستەکانی مرۆڤ و ئارامیی دەروونی و عەقلی و جەستەیی بەگوێرەی ئاستەکانی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و توانای ماددی و مەعنەویەکانی تاک و کۆمەڵگا بەجۆرێک شارە گەورەکان بەشی خۆیان لەم خزمەتگوزایانە بەدەستهێناوە ئەمەش دوای هەستپێکردنی گرنگیەکەیان لە لایەن پلاندانەران و خاوەن بڕیارەکان بۆ ئەم خزمەتگوزاریانە. (النعيمي،٢٠٠٩،ص٢٣٠).

هۆکارەکانی گرنگی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان (الهيتي، ٢٠١٣،ص ١٠٧-١٠٩- الدليمي، ٢٠٠٩، ١٩٤-١٩٥)، ئەمانەی خوارەوەن:

- ✓ گەشەی خێرایی دانیشتوان جیهان بەتایبەتی لەشارە گەورەکاندا.
- ✓ کۆچ و جوڵەی دانیشتوان و گواستنەوەیان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، گرنگترین ئەو کۆچانەش بریتین لە کۆچی لادێ نشینان بۆ شارەکان، ئەمەش بەهۆی بوونی خزمەتگوزاریەکان لەناو شارەکاندا.
- ✓ زۆری کاتژمێرەکانی کارکردن سەبارەت بە ڕۆژەکانی هەفتە، کە دەبێتە هۆی ماندووبونی بەردەوام و خۆ دەرباز کردن لە ڕۆتینات و گەڕان بەدوای هەلێکدا بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی ئاسوودەیی دەروونی وجەستەیی.
- ✓ چڕی دانیشتوان لەیەکەیەکی رووبەردا و دروستبوونی ئەو جەنجاڵیە کە لە ئەنجامی کردار و چالاکیەکانی ڕۆژانە دێنە کایەوە و دەبنە هۆی دروستبوونی نائارامی و بێزاریی.
- ✓ زیادبوونی داهاتی نیشتیمانی کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاستی داهاتی تاکەکەس، ئەمەش وا دەکات کەسەکان بیر لە خۆشگوزەرانی و بەسەربردنی کاتێکی خۆش و دوور لە پیشەکانی شار بکەنەوە.
- ✓ بونیاتنان و دروستکردن و دابینکردنی زەوی تایبەت بەخزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە.
- ✓ بوونی کاتی دەست بەتاڵی و پشووە فەرمیەکانی هەفتە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

- ✓ پێشکەوتنی تەکنەلوجی و بەرەوپێشچوونی زانستی لەبوارەکانی گواستنەوەو گەیاندن وە هۆکارەکانی پاڵنەرن بۆ زیادبوونی داواکاریی لەسەر خۆشگوزەرانی ئەمەش لە ڕێگای ئاسان گەیاندن و هەستکردن بە ئەمانەت و حەسانەوە لەکاتی گەشتکردندا.
- ✓ بوونی ژینگەیی سروشتی و مرۆییە جوان و دڵڕفێنەکان کە پاڵ بە دانیشتوانەوە دەنێن بۆ چوون بۆ لایان بەمەبەستی چێژ وەرگرتن و حەسانەوە و گۆڕینی کەش.
- ✓ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شارەکان بە یەکێک لە هۆکارەکانی جوڵەی ئابووری شارەکان دادەنرێت.
- ✓ ناوچەکانی خۆشگوزەرانی بەتایبەت باخچەو پارکە گشتییەکان یەکێکن لە هۆکارە سەرەکیەکانی خۆشکردنی ئاووهەوایی شار.

## ٢- دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان لە شارۆچکەی دارەتوو:

دابەشبوون بە کرۆکی کاری جوگرافی دادەنرێت، هەندێ جاریش وا لەجوگرافیا دەروانرێت کە زانستی دابەشبوونی شوێنییە، دابەشبوونی شوێنیی دیاردە جوگرافیەکان بە یەکێک لە بایەتە گرنگەکان دادەنرێت لە زانستی جوگرافیادا، بۆیە دابەشبوون لە جوگرافیادا بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دیاردەکان لە شوێنیکدا، یان ئەو ڕێکخستنەیە کە لە ئەنجامی دابەشبوونی دیاردەکان کەبەو هۆیەوە بە شێوازێکی تایبەت دەردەکەوێت. (الخیر،٢٠٠٠، ص٢٨٢) لەبەر ئەمەشە کە توێژەران بەگشتی و توێژەری جوگرافی و پلاندانەران بە تایبەتی گرنگی پێدەدەن و پشتی پێ دەبەستن هەروەها بەکارێکی گرنگی دادەنێن لە توێژکردنی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییەکانی شار و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ئەم دابەشبوونە.

دیارە کە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان جۆراوجۆرن و بوون و نەبوونیان لەهەر شوێن و ناوچەیەکدا بەستراوەتەوە بە ڕادی گرنگیدان بەو شوێنە، ناوچەی توێژینەوەکەمان (٩) جۆری لە جۆرەکانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان لەخۆ گرتووە، هەر وەکو لە خشتەی (٢) دا دەردەکەوێت کە بریتین لە هەریەک لە خزمەتگوزارییەکانی (یاریگا، هۆڵی لەش جوانی، مەلەوانگە، هۆڵی بۆنەکان، باخچە، گازینۆ، خواردنگە، ناوەندی وەرزشی، شاری یاری) بەجۆرێک کۆی گشتی هەموویان بریتییە لە (٨٣) دامەزراو، هەر یەکەیان بە ژمارەو ڕێژەی جیاواز بەسەر پانتایی شارەکەدا بڵاوبوونەتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**خشتەی(٢) خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکانی شارۆچکەی دارەتوو ساڵی ٢٠٢٠**

| ژ | جۆری خزمەتگوزارییەکان | ژمارەیان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| ١ | یاریگا | ٧ | ٨ |
| ٢ | باخچە | ٥ | ٦,٠٢ |
| ٣ | گازینۆ | ١٦ | ١٩,٢٧ |
| ٤ | خوارنگە | ٢٣ | ٢٧,٧١ |
| ٥ | هۆلی لەش جوانی | ١١ | ١٣,٢٣ |
| ٦ | مەلەوانگە | ١ | ١,٢٠ |
| ٧ | هۆڵی بۆنەکان | ١٧ | ٢٠,٤٨ |
| ٨ | ناوەندی وەرزشی | ١ | ١,٢٠ |
| ٩ | شاری یاری | ٢ | ٢,٤٠ |
| | گشتی | ٨٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دارەتوو ، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢٠.

خزمەتگوزاری خواردنگەکان بەرزترین ڕێژەی خزمەتگوزارییەکانی ئەم شارۆچکەیەیان پێکهێناوە بە ڕێژەی (٢٧.٧١٪) لە کۆی گشتی خزمەتگوزارییەکان کە ژمارەیان(٢٣) خواردنگەیە، بەدوای ئەویشدا هۆڵی بۆنەکان دێن بە ڕێژەی (٢٠.٤٨٪) هەرچی پلەی سێیەمە بە ڕێژەی (١٩.٢٧٪) گازینۆیە هەرچی مەلەونگە وناوەندی وەرزشی کە ژمارەیان (١) خزمەتگوزارییە بەشداریکردنیان گەیشتۆتە (١.٢٠٪) دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی هۆڵی لەش جوانییە بە ڕێژەی (١٣.٢٣٪) بەشدارن لە پێکهێنان و بەشداریکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئەم ناوچەیە.

## ٢-١- دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە خۆشگوزارییەکان بەگوێرەی گەڕەکەکان:

ناڕیکی و جیاوازیی لە دابەشبوون سیمایەکی دیاری دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییەکانی شارە، ئەمەش بەندە بە کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمە سەرەڕای نەبوون یاخود جێبەجێنەکردنی پلانی شارستانی تایبەت بە بونیاتنان و دابەشکردنیان بەگوێرەی پێوەری تایبەت بەسەر تەواوی ناوچە و گەرەکە جیاوازەکانی شارەکە.

لەسەیرکردنی خشتەی (٣) و نەخشەی (٢)، کە تایبەتە بە دابەشبوونی خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانییەکانی ناوچەی توێژینەوەکەمان بەگوێرەی گەرەکەکانی شار کە ژمارەیان (٨)گەڕەکە، ئەوا جیاوازیەکی گەورەی ژمارەیی ڕێژەیی لە دابەشبوونیان لەنێوان گەڕەکەکاندا تێبینی دەکرێت، بەجۆرێک گەڕەکی دارەتووی نوێ بەرزترین ڕێژەی خزمەتگوزارییە جیاوازە خۆشگوزرانییەکانی شارەکەی لەخۆ گرتووە بە ڕێژەی (١٨.٠٧٪)ی لە کۆی گشتی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دامەزراوە خزمەتگوزەرانیەکانی ناوچەکە کە ژمارەیان (١٥) دامەزراوەییە، بەجۆرێک ٥ خواردنگە و ٤ گازینۆ و ٣ هۆڵی بۆنەکان و ٢ هۆڵی لەشجوانی و ١ باخچەی تێدا هەڵکەوتووە. لەبەرامبەریشدا پیشەسازی دارەتوو ٢ هەژاترین گەڕەکە لەڕووی خزمەتگوزاریەکانەوە و نزمترین ڕێژەیی خزمەتگوزارییەکانی بەرکەوتووە بە ڕێژەی تەنها (٢.٤٠٪) ی لە کۆی گشتی دامەزراوە خزمەتکوزارییەکانی شارەکەدا کە ژمارەیان تەنها ٢ دامەزراوەیە کە ئەویش بریتییە لە ٢ خواردنگە.

**خشتەی (٣) دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان شارۆچکەی دارەتوو ساڵی ٢٠٢٠**

| ژ | ناوی گەڕەك | یاریگا | باخچە | گازینۆ | خواردنگە | هۆڵی لەشجوانی | مەلەوانگە | هۆڵی بۆنەکان | ناوەندی وەرزشی | شاری یاری | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ژین | ٢ | - | ٣ | ٤ | ١ | ١ | ٣ | | | ١٤ | ١٦,٨٦ |
| ٢ | دارەتووی نوی | - | ١ | ٤ | ٥ | ٢ | - | ٣ | - | - | ١٥ | ١٨,٠٧ |
| ٣ | نیشیمان | ١ | ١ | ٣ | ٢ | ٢ | | ٣ | | ١ | ١٣ | ١٥,٦٦ |
| ٤ | هەرێم | - | ١ | ١ | ٣ | ١ | - | ٢ | - | - | ٨ | ٩,٦٣ |
| ٥ | کوردستان | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | - | ٢ | ١ | ١ | ١٢ | ١٤,٤٥ |
| ٦ | برایەتی | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ١ | - | ٢ | - | - | ٩ | ١٠,٨٤ |
| ٧ | برایەتی نوێ | ٢ | - | ١ | ٣ | ٢ | - | ٢ | - | - | ١٠ | ١٢,٠٤ |
| ٨ | پیشەسازی دارەتوو | - | - | - | ٢ | - | - | - | - | - | ٢ | ٢,٤٠ |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | ٨٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە:

١-کاری توێژەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی دارەتوو ، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢٠.


٢-توێژینەوەی مەیدانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ٢- ٢- شیکردنەوەیی تایبەتمەندی شوێنجێی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان:

توێژەرانی بواری جوگرافیا گرنگی دەدەن بە کرداری شیکاری شوێنجێی داتاکان و پراکتیزەکردنیان لە بوارە جیاجیاکان. لە شیکاری شوێنجییدا هەر دیاردەیەک رووبەرێکی شوێنی، وبڵاوبوونەوە ودابەشبوونێکی دیاریکراوی هەیە، ئامانجی ئەم جۆرە شیکارە دۆزینەوەی پەیوندییەکان و پێکەوە بەستنەوەی توخمەکانی دیاردەکەیە بۆ گەیشتن بە بنیاتنانی نموونەیەکی شوێنی بۆ دیاردە شوێنیەکان. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیا ئەوەیە کەوا بە زۆری پێوەرەکانییەوە ناسراوە دەربارەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێک بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان و هەریەک لەم پێوەرانە ئاماژەو تایبەتمەندیەکی جوگرافی تایبەت بە خۆی هەیە لەوانە (ناوەندی شوێنیی (Mean) center، ئاراستەی دابەشبوون (Directional Distribution) دووری پێوانەیی (Standard Distance) کە دەکرێت بەکاریان بهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت و تایبەتمەندی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شارۆچکەی دارەتوو.

**نەخشەی (٢) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی ٢٠٢٠.**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.6 .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ٢-٣- ناوەندی شوێنیی Mean center .

لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی شوێنیی دیاردەکان، جوگرافیناسانی ناچارکردووە گرنگی بدەن بە دەست نیشان کردنی ناوەندەکانی چەقی دیاردەکان کە گوزارشت لە چەقی قورسایی، یان خاڵی ڕاکێشانی سەرەکی دابەشبوونی یان سەنتەری چڕبوونەوەی دیاردەیەکی جوگرافی دەکات، هەروەها ئەم پێوەرەە سوودی لێوەر دەگیرێت بۆ بەراوورکردنی نێوان دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراو یاخوود بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێک کە پێویستە، شوێنێکی ناوەندی هەبێت تێکرایی نزیکترین تایبەتمەندی بنوێنێت (شحاته،٢٠٠٢، ص ١٩١).

گونجاوترین شوێن بۆ دەست نیشان کردنی تایبەتمەندی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان لە شارۆچکەی دارەتوو بەگوێرەی پێوەری ناوەندی شوێنی بۆمان دەردەکەوێت: کەوا ناوەندی شوێنیی خزمەتگەوارییە خۆشگوزەرانیەکان لە شارۆچکەی دارەتوو دەرئەنجامەکەی لە نەخشەی (٣)دا دەردەکەوێت بەجۆرێک ناوەندی شوێنیەکەیان کەوتووتە ناوەراستی شارو و بە دیاریکراویش گەرەگی هەرێم، ئەمەش ئەم گەرەکە خاڵی ڕاکێشکردنی سەرەکی دەنوێنێت بۆ دابەشبوونەکان یاخود سەنتەری جوگرافی گردبوونەوەکانە.

### ٢-٤- ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution):

ئاڕاستەی دابەشبوون بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاڕاستەی پەرتبوونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان لە ڕێگای دەستنیشان کردنی دوورییەکانی هەردوو تەوەری (YX) لە ناوەندی چەقی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان واتا میکانیزمی پێوانەکردنی ئاڕاستەی دابەشبوون لەگەڵ میکانیزمی پێوانەکردنی ماوەی پێوانەی هاوشێوەی یەکن لەچوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis 10.6)دا تەنها جیاوازیەکەیان لەوەدایە کەوا شێوەیەکی هێلکەیی بەدیار دەکەوێت (العزاوي، محمود،٢٠٠٨،ص١٢) و دەوری خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان دەدات لە ژێرناوی پێوەری (Standard deviational ellipse) کە فرمانی ( Spatial Statistic tool) دا هەیە خشتەی (٤) نەخشەی (٣) تایبەتن بە خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان:

لەدوای جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبوون ((Directional Distribution، لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis) لەسەر خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان شارۆچکەی دارەتوو بەو دەرئەنجامە گەیشتین: ئاڕاستەی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان شارۆچکەی دارەتوو کە شێوەیەکی هێلکەیی وەرگرتووە لە تەرزەکانی دابەشبوونی لە سنووری نێوان باشوری رۆژئاواوە بەرەو باکووری رۆژهەڵات درێژ بووەتەوە بە لاربوونەوەیەکی کەم بەرەو ڕۆژهەڵات، پلەی سووراوەی (١١٣) پلەیە، بەشێوەیەک (٦١٪)ی خاڵی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی، بەجۆرێک ئاڕاستەی بڵابوونەوەیان هەمان ئاڕاستەی فراوان بوونی شارەکە و بڵاوبوونەوەی دانیشتوانی وەرنەگرتووە کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر توانستی وەزیفی خزمەتگوزارییە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خۆشگوزەرانییەکان کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست جێبەجێ بکەن. ئەمە جگە لەوەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا بڵاو نەبووەتەوە.

**خشتەی (٤) ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان لە شارۆچکەی دارەتوو ٢٠٢٠**

| بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە |
|---|---|---|---|
| **بەهای X (م)** | بەهای Y (م) | پلەی سوورانەوە | ٦١ |
| **١٨٤٢** | ٦٨٣ | ١١٣ | |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی ئاراستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

## ٢-٥- دووری پێوانەیی (Standard Distance):

دووری پێوانەیی هاوشێوەیی لاربوونەوەی پێوانەییە لە ئاماری وەسفیدا، ئامانج لە بەکارهێنانی دەستکەوتنی وەسفێکی ووردە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە لە دەوری ناوەندی چەق، دووری پێوانەیی بریتییە لە نیوەتیرەی بازنەیەک کە دەست پێ دەکات لە ناوەندی چەقی دیاردەکان کە ئامانج لە بەکارهێنانی گەیشتنە بە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی شوێنە خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی تەرزەکەیەتی لەنێوان دابەشبوونی سروشتی و گردبوونەوەو پەرشوبڵاویدا، دووری پێوانەیی هەر دابەشبوونێکی بریتییە لە ڕەگی دوجای چوارگۆشەکانی لاربوونەوەی خاڵەکان لەناوەندی چەقی ئەو خاڵانە، ئەگەر هاتوو ئەو بازنەیەی کە یەکسانە بە دووریەکی پێوانەیی(٦٨.٢٧٪) توخمەکانی دیاردەکانی لەخۆ گرتبوو ئەوە توخمەکانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووەو جگە لەمە هەر جۆرە دابەشبوونێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە. (عبدالله و حسن، ٢٠٠٨، ص١٠٦)، بەجۆرێک دووری پێوانەیی لەپەیوەندییەکی ڕاستەوانە دایە لەگەڵ پەرتبوونی دیاردەکە، هەرچەندە بەهای دووری پێوانەیی گەورەتر بێت لەناوەندی چەقی دیاردەکەوە ئەوەندە توخمەکانی دیاردەکە بڵاوتر دەبن لەیەکتر ناچن، بە پێچەوانەی چڕی توخمەکانی دیاردەکە بەرزتر دەبیەوە لە چواردەوری ناوەندی چەقی دیاردەکان بەکەمبوونەوەی بەهای دووری پێوانەیی.

پاش بەکارهێنان و شیکرنەوەی دووریی پێوانەیی لە تەکنیکی Standard Distance) لە ژێر هەردوو لیستی (Measuring Geographic Distributions)و(Spatial Statistics Tools) ، بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەکدا لە بەرنامەی Arc Gis و جێبەجێکردنی لەسەر خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان شارۆچکەی دارەتوو وەک لە خشتەی (٥) و نەخشەی (٣) تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی نا سروشتی دەچێت، شێوازێکی لێک نزیکی وەرگرتووە،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021


بەگوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەیەکەیان، کە جیاوازە لە ڕێژەی سروشتیەوە، بەجۆرێک ڕێژەی ئەو خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان کەوتوونەتە ناو یەک دووری پێوانەییەوە بریتییە لە (٦٢)، هەروەها دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان لە شارۆچکەی دارەتوو دا بەڵگەیەکی بەهێزی پلاندانمان نیشان دەدات.

**خشتەی (٥) دەرئەنجامی دووری پێوانەیی لە شارۆچکەی دارەتوو دا ساڵی ٢٠٢٠**

| گۆراوەکان | دووری پێوانەیی بە مەتر | ڕێژەی سەدی ئەو خزمەتگوزارییەی کەوتۆنەتە ناو بازنەیەکی یەکسان بە یەک دووری پێوانەیی % |
|---|---|---|
| شارۆچکەی دارەتوو | ١٣٨٩ | ٦٢ |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی دووری پێوانەیی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc Gis.v.10.6)

**نەخشەی (٣) ناوەندی شوێنیی و دووری پێوانەیی و ئاراستەیی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان لە ناوچەی لیکۆڵینەوە ٢٠٢٠**




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.6 .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### ٢-٦- شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارۆچکەی دارەتوو:

بریتییە لەو ئاراستە و شێوەیەی کە خاڵەکانی دیاردەیەکی جوگرافی وەریدەگرێت لە دابەشبوونە شوێنیەکەی لەسەر رووی زەوی، وە پەیوەندی شوێنی هەر خالێکی دیاردە توێژکراوەکە بەوانی ترەوە، کە دەبێت خاڵەکان لە یەک نزیک بێت و ماوەی نێوانیشیان ڕێک یان ناڕێک بێت. یاخود دەبێت خاڵەکان لەیەک دوور و ماوە نێوانیشیان ڕێک یان ناڕێک، یانیش دەبێت شێوازێکی هەڕەمەکی بێت.

سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان خاوەنی چەندین تەکنیک و ڕێگا ئاماریی شوێنییە، کە توێژەران پشتی پێدەبەستن و بەکاریدەهێنن، بۆ گەران بە دوای زانینی شێوازی دابەشبوونی دیاردە جوگرافییەکان، بەجۆرێک دەرئەنجامێکی بڕی تەواو ودروستت دەداتێ بە بێ پێویست بوون و ئەنجامدانی پێوانەکردن و بەکارهێنانی هاوکێشەکان، ئەمەش بیرۆکەیەکی گشتیت پێدەبەخشێ لەسەر تایبەتمەندی دیاردەکان کە دەکرێت لەم توێژینەوەیەماندا بۆ گەیشتن بەدەرئەنجامێکی ئاماریی ڕاست و دروست دەربارەی شێوازی دبەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکانی شارۆچکەی دارەتوو پەنا ببەین بۆ هەر یەک لە تەکنیکەکانی هاوکۆلکەیی نزیکی دراوسێیەتی: – Average Nearest Neighbor ڕێبەری مۆران ( Moran I) لەچوارچێوەی تەکنیکەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

### أ- هاوکۆلکەیی نزیکی دراوسێیەتی: Average Nearest Neighbor

شیکردنەوەی نزیک دراوسێیەتی بە یەکێک لە شێوازە ئامارییە باوەکان هەژمار دەکرێت کە جوگرافیناسان پشتی پێدەبەستن بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونی دیاردە خاڵیەکان لە روبەرێکی دیاریکراودا، چونکە ئەنجامی وورد دەدات بە دەستەوە لە لایەنی دەرخستنی بۆ پەیوەندی شوێنیی نێوان توخمەکانی دیاردەکە، لە هەمان کاتدا مەودای بڵاوبوونەوەی یان گردبوونەوەیان دەردەخات جگە لە دەرخستنی بۆ ئاستی بڕوایی نموونە ئامارییە بەرهەم هاتووەکە.

نرخی ئەم پێوەرە لە نێوان (٠) بۆ (٢.١٤٩)ە. بەجۆرێک نرخی (سفر) شێوازی کۆکراوەیی ئەنوێنی و(٠.١ – ٠.٥) لەیەک نزیکی ناڕێک، و(٠.٦ – ٠.٩) لەیەک نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، و یەکی تەواو شێوازێکی هەڕەمەکی دەنوێنێ. وە (١.١ – ١.٩) شێوازێکی لە یەک دوور، هەروەها (٢.٠ – ٢.١٤٩) شێوازێکی ڕێک و پێک دەنوێنێ (السماك و العزاوي،٢٠١١،ص ٢١٣).

بە جێبەجێ کردنی هاوکۆڵکەی نزیکی دراوسێیەتی لە سەر داتاکانی خزمەتگوزارییە جۆشگوزەرانییەکان شارۆچکەی دارەتوو وەک لە خشتە (٦)، وشێوەی (١) دا خراوەتە ڕوو نرخی پلەی پێوەری (Z-Score)، (٣.٠٤) بوو، کە ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری (٢.٥٨) Critical Value تا ٢.٥٨ واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەند نەکراو، لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی (گریمانەی نەبوون) ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان شێوازێکی هەرەمەکییەو و دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە، بۆیە گریمانەی جێگرەوە قبوڵ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە جۆشگوزەرانییەکان شێوازێکی تایبەت و ڕێکخراوە لە ژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراو دایە و دوورە لە شێوازی هەڕەمەکی وە ئاستی باوەڕپێکردن گریمانەکە بریتییە لە (٠) بەو واتایەی ئەگەری هەڵە نییە لە قبوولنەکردنی گریمانەی جێگرەوە واتە (٩٩٪) ئەگەر ڕاستی لە گریمانەکە هەیە، وە نرخی شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتیەکەشی گەیشتۆتە (١.١) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی لە یەک دوور، هۆکاری سەرەکیش بریتییە لەوەی کە ئەم خزمەتگوزاریانە لە شوێنی وا بونیاتنراون کە دیار و بەرچاون بن و بەئاسانی بدۆزرێنەوە لەکاتی ناونیشان دانان بەجۆرێک زۆربەی زۆری خزمەتگوزارییەکان لەسەر شەقام و ڕێگا سەرەکییەکان دروستکراون.


**خشتەی (٦) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکان لە شارۆچکەی دارەتوو ساڵی٢٠٢٠.**

| بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z_ score | ئاستی باوەر پێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١.١ | ٣.٠٤ | ٠.٠١ | پەسەند نەکراو | شێوازێکی لە یەک دوور |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**شێوەی (١) ئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزرییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارۆچکەی دارەتوو (٢٠٢٠)**




سەرچاوە: پشت بەستن بە خشتەی (٦).

## ب- ڕێبەری مۆران (Moran I):

ڕێبەری مۆران پلەی لەیەکچوونی خەسڵەتی دیاردە هاوشێوەکان دەپێوی لە شوێنێکدا بەمەش دیاردە لەیەکچووەکان کۆدەکاتەوە بەمەرجێک تێکرایی جیاوازی نێوان ڕەگەزە هاوسێکان بچووکتربێت لە جیاوازی گشت ڕەگەزەکان مەبەست لە جیاوازی دووری و خەسڵەتە لەیەک کاتدا.

نرخی ڕیبەی مۆران لەنێوان (١و-١) دایە بەجۆرێک نرخی (١) شێوازێکی کۆکراو دەنوێنێت بەڵام نرخی (-١) شێوازێکی لەیەک دوور دەنوێنێت. هەروەها نرخی سفر ئاماژەیە بۆ شێوازێکی هەرەمەکی بە گوێرەی Z-Score and p- Value)، شێوازەکە کۆکراوە دەبێ ئەگەر نرخەکەی کەوتە نێوان (١.٩٦ و٢.٥٨) شێوازێکی لەیەک دوور دەبێ ئەگەر نرخی (Z-Score، کەوتە نێوان -١.٩٦و -٢.٥٨ بەڵام p- Value لەنێوان ٠.٠١ – ٠.٠٥ هەروەها نرخەکەی کەوتە نێوان (١.٦٥ و -١.٦٥) ئاماژەیە بۆ بە شێازێکی هەڕەمەکی (عبدارحمن،٢٠١٤، ص١٤)

ڕێگای پێوانەکردنی ڕێبەری مۆران (Moran I) جیاوازە لەگەڵ پەیوەندی هاوسێیەتی Average Nearest Neighbor) لەپێوانەکردنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی شارۆچکەی دارەتوو بەوەی دووەمیان کار

لەسەر دووری نێوان خاڵەکانی گشت خزمەتگوزاریەکان دەکات بە بێ گوێدانە خەسڵەتەکانیان، بەڵام یەکەمیان پشتەبەستێت بە خەسڵەتی خزمەتگوزارییە هاوشێوەکان لەگەڵ دووریەکانیان.

بەجێبەجێکردنی تەکنیکی Moran I لەژێر لیستی (Pattern analysis) لە چوارچێوەی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (Arc GIS10.6) لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان کە شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان هاوشێوەکان دیاریدەکات و دەرئەنجامەکەشی لە خشتەی (٧) شێوەی(٢) تۆمارکراوە، دەردەکەوێت کە نرخی Z-Score گەیشتۆتە (١.١)، ئەم نرخەش دەکەوێتە نێو پشتێەی ناجارییەوە ( Critical Value (2.58 و (-٢.٥٨) واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەند کراو، واتە گریمانەی جێگرەوە ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت: شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزرییەکان شێوزێکی تایبەت و ڕێکخراوە لە ژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراو دایە و دوورە لە شێوازی هەڕەمەکی و گریمانەی نەبوون قبوڵدەکەین کە دەڵێت: شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان شێوازێکی هەڕەمەکییە و دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە بەهای پێوەری مۆران زۆر نزیکە لە سفر بریتییە لە (٠.٠٥٥) ڕێژەی هەڵە لە قبولکردنی گریمانەکە بریتییە لە (٠.٢٦٪) بەو وانایەی ئستی باوەرپێکردن لە قبولکردنی گریمانەکە زۆر بەرزە و لێرەدا دەردەکەوێت کە خزمتگوزارییە هاوشێەکان ئەوانەی کە خەسڵەتەکانیان لە یەکدەچن شێوازێکی تایبەتیان وەرنەگرتووە بەو واتایەی شێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی هەرەمەکییە و بەدواداچوونی کارێکی ئاسان نییە.


**خشتەی (٧) دەرئەنجامی پەیوەندی مۆران خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەکاني لە شارۆچکەی دارەتوو ساڵی٢٠٢٠.**

| بەهای پەیوەندی مۆران | بەهای پێوەری Z_ score | ئاستی باوەر پێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| ٠.٠٥٥ | ١.١ | ٠.٢٦ | پەسەند نەکراو | هەڕەمەکی |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**شێوەی (٢) ئەنجامەكانی پەیوەندی ڕێبەری مۆڕان بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان لە شارۆچكەی دارەتوو(٢٠٢٠)**




سەرچاوە: پشت بەستن بە خشتەی (٧).

## ج- پێوەری (General G.):

پێوەری (General G.)بە یەكێك لە پێوەرە گرنگەكان دادەنرێت كە پلەی كۆبوونەوەی نرخە بەرزەكان ونرخە نزمەكان بۆ دیاردە جوگرافییەكان دەپێوێ لە ناوچەیەكی دیاریكراودا، هەروەها لەگەڵ دیاریكردنی شێوازێكی تایبەت، بە پشت بەستن بە نرخی ڕەگەزەكانی دیاردەكە. ڕێگای پێوانەكردنی نرخە بەرزەكان و نزمەكان هەمان ڕێگای پێوانەكردنی تەكنیكی ڕێبەری مۆرانە. ئەگەر نرخی پێوەری (G) بریتی بوو لە (١) بەواتایی كۆبوونەوەی نرخە بەرزەكان دێت، هەروەها دەرئەنجامی (-١) بەواتایی كۆبوونەوەی نرخە نزمەكان دێت، بەڵام نرخی (سفر) واتای شێوازێكی هەرەمەكی دەنوێنی (عبدارحمان،٢٠١٤،ص١٥).

بەجێبەجێ كردنی تەكنیكی (G) بەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان كە دەرئەنجامەكەی لە خشتەی (٨) و شێوەی (٣) تۆماركراوە، دەردەكەوێت كە نرخی پلەی پێوەری (Z Score) بریتی لە (٠.٧٠ -) و كەوتووەتە ناوچەی پەسەند كراوە (٢.٥٨- _٢.٥٨) بەمەش گریمانەی نەبوون قبوڵ دەكەین كە دەڵێت شێوازی خزمەتگوزارییە خۆشگوزارییەكان شێوازێكی هەرەمەكییە و لێكدانەوەی هۆكارەكەی كارێكی ئاسان نییە، بەجۆرێك هیچ كام لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021


نرخە بەرزەکان و نرخە نزمەکان شێوازێکی تایبەتیان وەرنەگرتووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیکە نرخی پەیوەندی (G)یەکسانە (٠.٠٠٠٢٩) ئەمەش زۆر نزیکە لە سفری تەواو، کە شێوازێکی هەڕەمەکیە وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد.

**خشتەی (٨) دەرئەنجامی پەیوەندی پێوەری(G) خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارۆچکەی دارەتوو ساڵی٢٠٢٠.**

| بەهای پەیوەندی G ) | بەهای پێوەری Z_ score | ئاستی باوەر پێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| ٠.٠٠٠٢٩ | – ٠.٧٠ | ٠.٤٨ | پەسەند نەکراو | هەڕەمەکی |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6).

**شێوەی (٣) ئەنجامەکانی پەیوەندی پێوەری (G) بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارۆچکەی دارەتوو(٢٠٢٠)**




سەرچاوە: پشت بەستن بە خشتەی (٨)

## ٣- توانستە وەزیفییەكانی خزمەتگوزارییە خۆشگوەرانییەكان لە شارۆچكەی دارەتوو:

مەبەست لەتوانستی وەزیفی بۆدامەزراوەیەک بریتییە لەوەی تا چەند لە توانایدایە بەو ئەركانە هەڵسێ كە پێی سپێراوە یان تایبەتە بەو بەشێوەیەک هەستی ڕازیبوون بەهەرتاكێک ببەخشێ بەرامبەر بەو خزمەتگوزاریەی پێشكەشی دەكات وەک بەشی تاكەكەس لە ڕووبەر و پلەی بەردەستبوون و بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریەكە بۆ هەركەسێک بەگوێرەی پێوەرەكانی پلاندانان.

جێگای ئاماژەیە هەڵسەنگاندنی ئەم خزمەتگوزارییانە دەبێتە مایەی بەرچاو ڕوونی بۆ بەرپرسان و پلاندانەران ئایا خزمەتگوزارییەكان لەچ ئاستێكدایە. بەجۆرێک بنەمایەكی سەرەكییە لەكاتی پلاندانانداندا بە مەبەستی دەرخستنی توانستی خزمەتگوزارییەكان كە پێشكەشی دانیشتوان دەكرێت

خزمەتگوزارییە خۆشگوزارییەكان یەكێكن لە خزمەتگوزارییە گرنگەكانی شار و پێویستە بۆ تەواوی دانیشتوان دابین بكرێت بەگوێرەی پێوەرەكانی تایبەت بەهەر جۆرێک لە جۆرەكانی خزمەتگوزارییە بۆ ئەم مەبەستەش شارەزایان و پلان دانەرانی بواری شارستانی چەندین پێوەریان داناوە كە دەكرێت پشتیان پێ ببەستین بۆ پێوانە كردنی ئاستی توانستە خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانییەكای شارۆچكەی دارەتوو هەروەكو لە خشتەی (٩) دا دەردەكەوێ.

**خشتەی ژمارە (٩) پێوەرەكانی پلاندانانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | دانیشتوان/ كەس | ڕووبەر/م٢ | بەشی تاكە كەس م/ كەس |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاریگا | ٤٠٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٠,٣٧٥ |
| ٢ | باخچە | ١٠٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ٠,٥ |
| ٣ | گازینۆ | ٤٥٠٠ | - | - |
| ٤ | خوارنگە | ١٠٠٠٠ | ٤٨٧ | ٠,٠٤٨٧ |
| ٥ | هۆلی لەش جوانی | ٥٠٠٠ | ٣١٥ | ٠,٠٦٣ |
| ٦ | مەلەوانگە | ٥٠٠٠٠ | - | - |
| ٧ | هۆڵی بۆنەكان | ٤٥٠٠٠ | ٤٥٠٠ | ٠,١ |
| ٨ | ناوەندی وەرزشی | ٦٠٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٠,٢٥ |
| ٩ | شاری یاری | ٤٠٠٠٠ | ٥٥٣٧٢ | ١,٣٨ |

سەرچاوە: عبود و دايش، عمار عبدالجبار و سلمان مغامس، كفاءة الخدمات الترفيهية في مدينة البصرة (دراسة في جغرافية المدن) بحث منشور في مجلة اوروك للعلوم الانسانية، جامعة مثني، كلية للعلوم الانسانية، ٢٠١٦، ص٦٩.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەسەیرکردنی خشتەی (٩) (١٠) و شێوەی (٤)، کە تایبەتە بە ژمارە و ڕووبەر و بەشی تاکە کەس لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکانی شاروچکەی دارەتوو بەراوورد کردنیان بە پێوەرەکانی تایبەت بە بەشی تاکە کەس کە لە لایەن شارەزایان و پلاندانەرانەوە دانراوە کە لە خشتەی (٩) خراوەتە ڕوو تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەکرێت:

١. خزمەتگوزاریی یاریگاکان کە ژمارەیان (٧) یاریگایە و کۆی گشتی ڕووبەرەکەیان بریتییە (٤١٠٠) م٢ سەرەرای ئەوەی بەشێوەیەیک نارێک دابەشبوون بەسەر بەشەکانی شاردا، کەچی نەیانتوانیووە بەشی تاکە کەشیش دابین بکەن، کەبەشی هەر کەسێک لە ڕووبەری ئەم خزمەتگوزارییە بریتییە لە (٠.٠٦٠) م/ کەس.

٢. ئەم شارە سەرەڕای ئەوەی کە تەنها ٥ باخچەی تیادایە ژمارەیان کەمە، ڕووبەرەکەشیان یەکجار بچووکە بەجۆرێک بە هەر پێنجیان رووبەرەکەیان بریتییە لە ( ١٢٥٠٠) م٢، کە ئەمەش رووبەرێکی بچووکە و بەشی تاکە کەس گەیشتۆتە (٠.١٨٤) م بۆ هەر کەسێک بەشێوەیەک بە گوێرەی پێوەر دەبوایە (٠.٥) مەتر دووجا بوایە بۆ هەر کەسێک لەم شارەدا. بەمەش بڕی (٠.٣١٦)م٢ بۆ هەر کەسێک کورتی هێناوە.

٣. سەبارەت بە خواردنگەکانی ئەو شارە کە ژمارەیان ٢٣ خواردنگەیە و بەرزترین ڕێژەی ژمارەی خزمەتگوزارییەکانی ئەم شارەیان پێکهێناوە بەڵام رووبەرەکەیان زۆر بچووکە بەجۆریک گۆی گشتی رووبەرەکەیان تەنها (٤٥٠٠) م٢ بەشی تاکەکەس لە ژێر پێوەرەوەیە و تەنها (٠.٠٦٦) مەتر دووجایە کە بوو بەشی تاکە کەس بۆ هەرکەسێک بەگوێرەی پێوەر (٠.٠٤٨٦) بوایە بۆ هەر کەسێک.

٤. ئەم شارە ٢ شاری یاری تیادایە کە کۆی رووبەرەکانیان گەیشتۆتە (٣٠٠٠٠) م٢ بەمەش بەشی هەر کەسێک لە رووبەرکەیان لە شاروچکەی دارەتوودا گەیشتۆتە (٠.٤٤) م٢ ئەم ڕووبەرەرەش بەشی پێداویستی دانیشتوان ناکات.

٥. ناوەندی وەرزشی یەکێکە لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی شار، کەچی ناوچەی توێژینەوەکەمان زۆر هەژارە بەم خزمەتگوزارییە بە جۆرێک ژمارەیان تەنها ٢ ناوەندی وەرزشییە و بەشی هەر تاکەسێک لەم شارە بریتییە لە (٠.٠٢٢) م٢.

٦. هۆڵەکانی لەشجوانی یەکێکن لە خزمەتگوزارییە پێویستەکانی شار کە پێویستە ژمارە و رووبەری پێویست دابین بکرێت بۆ دانیشتوان بە تایبەتیش چینی گەنجان. بەمەش بەشی هەر کەسێک لە رووبەرکەیان لە شاروچکەی دارەتوودا گەیشتۆتە (٠.٠٤٠) م٢، شاروچکەی دارەتوو بەم خزمەتگوزارییە هەژارە و ژماەیان ١١ هۆڵە و بەشی تاکە کەس تیایدا نزمە.

لە کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاروچکەی دارەتوو زۆر هەژارە بە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەگشت جۆرەکانیانەوە جا چ لە ڕووی ژمارەوە بێت یاخود لە رووی ڕووبەری پێویست، کەواتە توانستی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021


خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانییەکان لاوازن لە خزمەتکردنی دانیشتوانی ئەم شارە و دابینکردنی رووبەری پێویست بۆیان بەگوێرەی پێوەرەکانی پلاندانان.

**خشتەی ژمارە (١٠) ژمارەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و رووبەر و بەشی تاکە کەس لە شارۆچکەی دارەتوو ساڵی ٢٠٢٠**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | ژمارەیان | ڕووبەر/م٢ | بەشی تاکەکەس م/ کەس |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاریگا | ٧ | ٤١٠٠ | ٠,٠٦٠ |
| ٢ | باخچە | ٥ | ١٢٥٠٠ | ٠,١٨٤ |
| ٣ | گازینۆ | ١٦ | ٢٦٠٠ | ٠,٠٣٨ |
| ٤ | خوارنگە | ٢٣ | ٤٥٥٠ | ٠,٠٦٦ |
| ٥ | هۆلی لەش جوانی | ١١ | ٢٧٥٠ | ٠,٠٤٠ |
| ٦ | مەلەوانگە | ١ | ٨٥٠ | ٠,٠١٢ |
| ٧ | هۆڵی بۆنەکان | ١٧ | ٦٨٠٠ | ٠,١٠٠ |
| ٨ | ناوەندی وەرزشی | ٢ | ١٥٠٠ | ٠,٠٢٢ |
| ٩ | شاری یاری | ٢ | ٣٠٠٠٠ | ٠,٤٤ |

سەرچاوە/١- حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی دارەتوو ، داتی بڵاونەکراوە ٢٠٢٠.

٢- توێژینەوەی مەیدانی لە رێکەوتی ١-١١-٢٠٢٠.





DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ئەنجام:

لەكۆتایی توێژینەوەكە گەیشتینە ئە دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان بەشێوەیەکی ناڕێک دابەش بوون بەسەر گەرەکەکانی شاردا، بەجۆرێک هەندێک لە گەرەکەکان ژمارەیەکی زۆر و بەشێکیش هەژارن بەم خزمەتگوزاریانە، ئەمە جگە لەخراپی ئیدارەدانیان لە پاڵ لاوازی توانستی وەزیفیان.

٢. هەرسێ گەڕەکەکانی ژین و دارەتووی نوێ و نیشتیمان زیاتر لە (٥٠٪)ی کۆی گشتی خزمەتگوزاریەکانی ئەم شارەیان لەخۆ گرتووە.

٣. بەجێبەجێکردنی پێوەرەکانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی لە بەرنامەکانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان ArcGIS .v.10,6، دەرکەوت کە ناوەندی شوێنجێیەتی لە شارەکە دەکەوێتە هەرێم، وئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان شێوەی هێلکەیی(٥١١٣) یە وناگونجێت لەگەڵ فراوانبوونی دانیشتوانی شارەکە ئەمەش نەرێنییە، ودووری پێوانەیی سروشتییە بە (٦٢٪)، ئەمەش بە خاڵی بەهێزی پلاندانان هەژماردەکرێت، وهاوکۆڵكەی نزیکی(دراوسێیەتی) لە لەیەک نزیکی بەرەو هەڕەمەکی (باری پەسەندنەکراو ١.١)، وبڕی Z score= ٣.٠٤ بوو. ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ناڕێکی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکانی شارەکە.

٤. خواردنگەکانی ئەو شارە کە ژمارەیان ٢٣ خواردنگەیە و بەرزترین ڕێژەی ژمارەی خزمەتگوزارییەکانی ئەم شارەیان پێکهێناوە بەڵام رووبەرەکەیان زۆر بچووکە بەجۆریک کۆی گشتی رووبەرەکەیان تەنها (٤٥٥٩) م٢ بەشی تاکەکەس لە ژێر پێوەرەوەیە و تەنها (٠.٠٦٦) مەتر دووجایە کە بوو بەشی تاکە کەس بۆ هەرکەسێک بەگوێرەی پێوەر (٠.٠٤٨٦) بوایە بۆ هەر کەسێک.

٥. سروشتی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان بەگوێرەی تەکنیکەکانی دووری پێوانەیی و نزیکترین هاوسێ شێوازێکی گردبوونەوە و ناڕێکیان وەرگرتووە.

٦. خزمەتگوزارییەکانی ئەم شارە لەرووی توانستەوە زۆر لاوازە و پێداویستەکانی دانیشتوان دەستەبەر ناکەن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ڕاسپاردە:

لە دوماهی تویژینەوەکە ئەو ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو:

١. دابینکردنی ڕووبەری زەوی زیاتر بۆ بونیاتنانی خزمەتگوزاری نوێ و فراوانکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی هەن بەمەبەستی پرکردنەوەی پێداویستیەکانی دانیشتوان.

٢. دووبارە ڕێکخستنەوەی خزمەتگوزارییەکان ئەمەش بە پشت بەستن بە پێوەر و تەکنیکە نوێیەکانی وەک سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان.

٣. گرنگی زیاتر بەم جۆرە لێکۆڵنەوانە بدرێت، بەئامانجی دەست نیشان کردن و سنووردارکردنی ئەو گرفتانەی لە ئەنجامی جیاوازی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان پەیدا دەبن. چونکە لەڕێگای دیاریکردنی گرفتەکان، و دۆزینەوەی چارەی گونجاو بۆیان ئاسان دەبێت.

٤. چاودێکردنی بەردەوامی خزمەتگوزاریەکان و چاکردنەوەیان چونکە پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەرە ئەمەش بووەتە هۆی تێکچوون و لەکارکەوتنیان.

پشت بەستن بە پێوەرەکانی پلاندانان لە کاتی بونیاتنانی گەڕەکی نوێ کە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانی تیدا فەراهەم کرابێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# Geographical Analysis of Entertainment Services in the City of Daratu Using Geographical Information Systems (GIS)

**Hoshmand Jawhar Abbas**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** hoshmand.abbas@su.edu.krd

**Sanger Ahmed Hussein**
Department of Social Sciences, College of College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Sanger.hussein@su.edu.krd

**Fatimah Qader Mustafa**
Department of Geography, College of Humanities, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail**: fatma.qadr@uor.edu.krd

## Abstract:
The impact of the recreational services that exist within the group of services that are practiced within the geographical framework of the city, is not limited to the lives of its residents and their activities, but also on the residents of the surrounding areas. Recreational services contribute to providing diversified investment opportunities for leisure time, so that they are appropriate and beneficial to the health, comfort and well-being of the population at the lowest possible cost, without the goal of their establishment being financial gain, as they lead to the creation of mental, psychological and physical balance on the level of one individual and on the basis of society in a way. In general, recreational services are an integral part of urban activities in most cities of the world. Rather, the concept of modernity and urbanization in contemporary urban centers is measured to some extent by the availability of recreational facilities for their inhabitants, and the study also showed the low level of efficiency of recreational services in terms of their spatial distribution and numbers. As it is concentrated in some neighborhoods of the city, while it is less or absent in other neighborhoods, as well as not taking into account the planning standards in its distribution and during its construction in line with the population increase, urban expansion and the residents' needs for these services. The success in providing these different types of recreational facilities depends on how they are distributed geographically. The balanced distribution of these activities determines the success of the adopted plans in achieving the required goals and policies.

**Key words:** Recreational Services, Leisure Time, Physical Comfort, Distribution Center, Recreational Services Distribution Standards.

## سەرچاوەکان:


حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٢٠) ، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی دارەتوو ، داتای بڵاونەکراوە.

عمر، لوقمان وسو (٢٠٠٩)، بنەماکانی جوگرافیای گەشتوگوزار بە پراکتیزاکردنی لە قەزای کۆیە، سەنتەری توێژینەوەی و پەخشی کۆیە، چابخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر.

توێژینەوەی مەیدانی بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرواری ٢-٧-٢٠٢٠ .

الجميلي، رياض كاظم سلمان (٢٠٠٧)، كفاءة التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحية و الترفهية) في مدينة كربلاء، اطروحة دكتوراة، كلية تربية (ابن رشد) جامعة بغداد، بغداد.

الحديثي، عباس غالي داود (١٩٨٢)، الخدمات الترفيهية لسكان مدينة البصرة، دراسة تحليلة في جغرافية المدينة واقليمها، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد.

الخير، صفوح (٢٠٠٠)، الجغرافية موضوعها و مناهجها و اهدافها، دار الفكر، دمشق.

الدليمي، خلف حسين علي (٢٠٠٩)، تخطيط الخدمات المجتمعية و البنية التحتية اسس-معايير-تقنيات ، ط١، دار الصفاء للنشر و التوزيع، عمان.

السماك، محمد ازهر سعيد و عزاوي، علي عبد عباس (٢٠١١)، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية و الاساليب الكمية و تقنيات المعلوماتية المعاصرة GIs ،دار اليازوري، عمان، الاردن.

شحادة، نعمان (٢٠٠٢)، الاساليب الكمية في الجغرافيا باستخدام الحاسبوب، دار الصفاء والتوزيع، عمان، الطبعة الثانية.

الظالمي،هالة هادي صالح (٢٠١٨)،التحليل المكاني للخدمات الترفيهية في مدينة السماوة، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة المثني، كلية لتربية، المثني.

عبدالرحمن، ريدار نبيل (٢٠١٤)، التحليل المكاني و الوظيفي للخدمات الصحية في محافظة دهوك، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، سكول الاداب، جامعة دهوك، دهوك.

عبدالله، نشوان شكري و مزكين محمد حسن (٢٠٠٨)، تحليل الخضائص المكانية و الوظفية لوحدات الورش الصناعية في مدينة دهوك باستخدام GIS، مجلة جامعة دهوك، العدد٢١، كانون الاول.

عبود و دايش، عمار عبدالجبار و سلمان مغامس (٢٠١٦)، كفاءة الخدمات الترفيهية في مدينة البصرة (دراسة في جغرافية المدن) بحث منشور في مجلة اوروك للعلوم الانسانية، جامعة مثني، كلية للعلوم الانسانية.

العزاوي، علي عبد عباس و محمد نوح محمود (٢٠٠٨)، تحديد الاقليم المدرك لمدينة موصل باستغدام نظم المعلومات الجغرافية GIs.

غضبان، فواد بن (٢٠١٣)، جفرافية الخدمات، داراليازورى العلمية للنشر والتوزيع، عمان.

النعيمي، احمد محمد (٢٠٠٩)، التوزيع المكاني للخدمات الترفيهية والترويحية في مدينة بغداد، مجلة الادارة والاقتصاد، الجامعية المصتنصرية ،بغداد عدد٢٣.

الهيتي، مازن عبدالرحمن (٢٠١٣)، جغرافيا الخدمات، اسس و مفاهيم، المكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، الاردن.